خۆشناو مەریوانی حوزەیرانی 2007

# کۆمپانیای ئەگەر، وئەگەرەکانی ئەگەرێک

لەدۆسییە تایبەتەکانی سایتی SBEIY سبەیی، چاوم بەدۆسییەی ئەگەرەکانی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عیراقدا کەوت. کە سەرنووسەری سایتەکەیان نووسیویەتی؛ (ماوەیەکە دەنگۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، یان داواکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کەوتۆتە نێوەندە بڕیار بەدەستەکانی ئەمەریکاوە، هەر کەسێک زانیاری هەبێت لەسەر جۆری وەرگرتنی بڕیار لە ئەمەریکادا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دەبێ جدیتر بیر لەو مەسەلەیە وئەگەری روودانی وئەگەرەکانی پاش روودانی بکاتەوە). لەدرێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت(لەبەر گرنگی تەوەرەکە، داوا لەو کەسانەی کە توانای رادەربڕین و نووسینیان لەو بوارەدا هەیە بەشداری تێدا بکەن). من نازانم لە بوواری بابەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هێندە بایەخدار وئاڵۆسکاودا، توانای بەشداری کردنم ئەبێت. بەڵام ئەوەندە دەزانم، زۆر حەزدەکەم لەسەر بابەتێک لەم جۆرە، شیکردنەوە وپێشبینی بکەم، وهەوڵبدەم رای خۆم دەرببڕم(1).

مەرجەکانی هێزی سوپای ئەمەریکا وهاوپەیمانانی، لەعێراق بکشێنەوە، بەندە بەهۆکانی داگیرکردنیەوە. هەروەها مەرجە بەپلەی تێگەیشتنی جەماوەر لەناوەرۆکی خودی جەنگەکە. کاتێک زۆربەی خەڵکی هەردوو وڵاتی ئەمەریکا و عراق لە ناوەرۆک و پرۆسیسی پەیوەندی ناوەکی ئەم جەنگە تێگەیشتن. زانیان لە ماڵ وێرانی و ئاوارەیی و مایەپوچی زیاتر هیچیان دەسگیرنابێت. باج و خەراجیان رۆژانە زیاد دەکات. رۆژانە مناڵەکانیان بە کوژراوی و برینداری بۆ دەبرێتەوە. شەو ورۆژ وچرکە وسرپە نییە دڵیان بۆ مناڵ وگەنجەکانییان خرپەنەکات. کاتێک بۆیان دەرکەوت ئەم جەنگە لەناو جەرگەی وڵاتەکەیاندایە، بۆ عێراق، ئەفغانستان، وشوێنەکانی تری جیهان گوێزراوەتەوە. تاجەنگی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە خودی وڵاتەکەیاندا، بەجەنگی دژی قاعیدەو جیهادی ئیسلامی دوربخەنەوە. ئەم راستییانە تائەمرۆ لۆجیکی هێڵی مێژوویی هەموو جەنگێک بووە. وەلێ پرۆسیسی ئاڵوسکاوی ناوەوەی دیاردەکان بەم شێوە ئاسانە دەرناکەون. لێرەدا ئەگەرەکانی ئەگەرێک، بەچەندەها شیوە ومەساری جۆراوجۆر وئەگەری رەنگاورەنگ وئەگەری خوێناوی نمایشدەبن. وەک دەسەڵاتی جای گارنر، بریمەرو، عەلاوی ومالکی دوور نییە بەم زووانە دەسەڵاتی تکریتیشمان بە ئیستفتایەک، یان بە کووتەدایەکی سوپای وسیاسی درۆزنە بەسەردا بچەسپێنن. کەهەموو ئەمانە هەیکەلی درۆ وداگیرکردنەکەیان رادەگرێت. بەتایبەتی خەڵکی ئەمەریکا وعێراق چەواشەکەن، وبەگشتی دەنگی نارەزای خەڵکانی ئاشتی خوازی جیهان کپکەن. لە شیکردنەوەی هێزی رواڵەتەکاندا، دەردەکەوێت تاخەڵکی ئەمەریکا دژی ئەم جەنگە تێنەکۆشن ئەگەرەکانی ئەگەر هەر لە فەلەکی چاوبەستنی خەڵکی ئەمەریکا و تووڕەکە لە سەرنانی خەڵکی هەژار و داماوانی لای خۆمان دەمێنێتەوە.

داگیرکردنی عێراق بەم ناوانە وەسفکران، جەنگی کەنداوی سێهەم یان (جەنگی ئازادیکردن، جەنگی داگیرکردن وجەنگی چەسپاندنی دیموکراسی)، زۆر ناوی لێنرا، وەسفی هەمەرەنگ کرا. بەڵام کۆنگرەی یەکگرتوی نێودەوڵەتیەکان لەبەر تیشکی یاسای ژمارە 1483 ی ساڵی 2003 دا ناوی لێنا داگیکردنی سوپایی لەلایەن ووڵاتە یەگرتۆکانی ئەمەریکاوە.

ئەوەشمان لە یادنەچێت لە جەنگی سێهەمی کەنداودا، کە بە پێچەوانەی جەنگی کەنداوی دووهەمەوە بوو، یەکگرتنی وولاتانی دژی عێراق لە 98% ئەمەریکا و بەریتانیایە. ئەمە وای کرد، ماوەیەکی زۆر لەم دوو وولاتەدا، خەلکی بۆجەنگ ئامادەبکەن. لەخەلکی بگەێنن کە مەبەستیان لە داگیرکردنی عیراق تەنها وولاتەکانییان وجیهان لەتێروریستان ولەحکومەتەکەی سەدام حوسین بپارێزن.

بۆ ئەم مەبەستە پالیاندا بە چەند بەلگەیەکەوە.

یەکەم، *Operation Iraqi Freedom* ئۆپێراسیۆنی رزگارکردنی عێراق.

دووهەم، حکومەتەکەی سەدام بە بریارەکانی نەتەوە یەگرتووەکان گوێنادات، ورێگانادات بەدەستەی پشکنین بە دوای چەکی کۆمەلٚ کوژی وکیمیایدا بەسەربەستی بگەرێن.

سێهەم، حکومەتەکەی سەدام لە جێبەجێکردنی 19بریارەکەیی نەتەوەیەگرتووەکاندا بەشداری ناکات. مەشجەب وپیشەسازی چەکوتەقەمەنی کۆمەل کوژی ومالویرانکردنی گشتی نەخاتەڕوو.

چوارهەم، حوکومەتەکەی سەدام حوسێن پەیوەندی بەرێکخراوی قاعیدە ورێکخراوە تیرۆریستەکانی ترەوە هەیە، کەمەترسی نائاسایشی لە سەرانسەری جیهاندا درووست دەکات.

پێنجەم، کە لەهەمووی گرنگترە، حکومەتەکەی(W) بوش، لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا دیمووکراسی سەقامگیربکات.

ئەم خالەی دواییان پەیوەندیەکی هێجگار گرنگی بەبەرنامە وهاتنی حکومەتەکەی(W) بوشەوە هەیە. بەر لەسالێک بۆسەرۆکایەتی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکا هەلیبژێرن. لەسەپتەمبەری 2000 دا، دک تشيني و دونالد رامسفيلد و پول ولفويتس، هەستان راپۆرتێکییان لەژێر ناونیشانی(بیناکردنەوەی توانای بەرگری ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکا) نووسی. بۆ ئەم مەبەستە، هەولبدەن توانای سوپاییان لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بەهێزکەن، وجودیان لەوێ هەبێت. بروانە راپۆرتەکەیان.

Forces And Resources For A New ،Strategies Rebuilding America's Defences] .[Century

دەسەلاتە سیاسیەکانی ئەمەریکا، خەونی ئەمرۆیان نەبووە، کە لەرۆژهەلاتی ناوەراست ولەکەنداوی خاورووی عێراقدا ووجودی سوپاییان هەبێت. لەناوەراستی هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە، بەئاشکرا لە نووسراوەکانی کەلەسیاسیەکانی دەولەتی ئەمەریکادا دەخوێندرایەوە. هەروەها بەتایبەتی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، کە یەکەم گاردیانی بەرژەوەندی ئەمەریکایە، چەند دەسالێکە، بەدەست بزوتنەوەی چەکدارانەی فەلەستین و پەرەسەندنی ئێران کلۆل بووە، وتوانای کەم بۆتەوە. ئاشکرایە ئەم هۆیانە ئەوەندەیتر دەسەلاتە سیاسیەکانی یەک لە دوای یەکی ئەمەریکای هانداوە، راستەوخۆ لە ناوچەکەدا پێداکووتن. بۆیە باوەر ناکەم بە هەموو جۆرە ئەگەرێک دەست لەم ناوچەیە بەردات. تەنیا رێگەیەک کە بتوانێت مەساری ئیستراتیجی و تەکتیکی بگۆرێت. ئەویش ئەگەری فیشاری تێکۆشانی خەلکی ئەمەریکا وبەریتانیایە لە گەلٚ جەماوەری وولاتەکانی خۆرهەلاتی ناوەراستە. کە بەیەک دەنگ دژی سیاسەتی جەنگی ئەمەریکا وتوجاری جەنگی ناوچەکە تێبکۆشن. ئەدی مەحالە ئەمەریکا لەم ناوچەیە سوپا بکشێنێتەوە.

وەک لە سەرەوە نووسیم، حەتمییە فشاری تێکۆشانی جەماوەر، تاکتیک و مامەلەیان لەگەلٚ ناوچەکەدا پێبگۆرن. لە شارەکاندا دەست بکێشنەوە، و لەشوێنی دوور لە خەلکەوە ئۆقرەبگرن.

هەوڵبدەن بودجەی جەنگ و زیانی رۆحییان کەم بکەنەوە، وەلێ قەلفریان بۆئێستا مەحاڵە.
ئەوە باش دەیزانین، سوپای ئەمەریکی موتمانەیان بەهیچ سوپایەکی ناوچەیی نییە. بۆنمونە لەگەڵ ئەوەی رۆژانە بەرێژەی 20 سەربازی عێراقی دەکوژرێن، تائێستا چەکێکیی ئەوتۆی نەداوەتە دەستییان بۆ بەرگری لەنەفسیی خۆیان. کە ئەمە دەلالەت لەوە دەکات لە هەموو کەسێکی عێراق وناوچەکە دەترسن، کە سبەی رووی لولەی چەکەکانیان بە سەدوهەشتادەرەجە وەرگێرن. ئەوکەمە چەکەی لەم دواییانەدا کە بەهەندێ بەشی سوپای عێراقی بەخشیووە. تەنیا لەبەر خاتری چاوی گەشی خۆیانە، تا لەپاڵ سەربازی عێراقیدا بتوانن خۆیان بپارێزن. بنکەو حەشار وچەپەرەکان هەر بۆخۆیانە. تائێستا ئاسودەیە کە هەڵنایەت ئەگەرچی جێ پێی بەلەقەلەق قایم کردووە.

<u>بزوتنەوەی ئاشتی خوازانەی کورد،</u>

تاکە درووشمێک ئەمرۆ، بمانگەیەنێتە سەرفرازی و بەختەوەری، کە بتوانین سەرخەینە سەرسەرینی ئاسوودەی، ئەوەیە نەبینە پاشکۆی سیاسەتی هیچ وولاتێک، تادوژمن بەدەستی خۆمان بۆخۆمان درووست نەکەین. وەکی کەسانێکی بێلایەنی ئاشتی خواز رەفتار بکەین، خاوەنی دیپلۆماسییەک بین کەشییاوی رەفتاری میللەتانی ئازادیخواز وئاشتیخوازی جیهانی بین. لە هەمان کاتدا لە پێناوی رزگاری سیاسی و ئابووری کوردستاندا پشت بەجەماوەر ببەستین. ئاشکرایە دەسەڵاتەکەی بوش بە جۆرێک مامەڵەمان لە گەڵدەکات، لەوە دەچێت ماوەی چواردەساڵ بۆدرێژە پێدانی ئەمبارگۆ لە سەر عێراق بەکرێی گرتبین. ئێستا پێویستی پێمان نەماوە، بەهەرزان بمان خاتە سەر بێکاری، پاش چواردەساڵ بەزۆرەملێ، جارێکی تر کردینیەوە بەموچەخۆری بەغداد. ئەگەر شێکردنەوەی سیاسیمان، تەنیا لە خودا بپارێینەوە، تا کۆستمان نەکەوێت، بەڵکم دڵی ئەمەریکا رەقکات، وولاتەکەمان جێنەهێڵێت. هەزارەها ئەگەر چاوەروانمان دەکات.

حەتمییە داگیرکەر هێلکەی تێرۆر ئەکات، ئەمە ووتەی من نییە ووتەی هەموو پیاوێکی سیاسی میللەت پەرستە. لە سەرانسەری عێراقدا، هەموو پارتە سیاسێکانی کە لەگەڵ پرۆسەی سیاسی ئەمەریکادا بوون، سیاسەتێکی سەربەخۆی نیشتمانی عەلمانیی نەبووە. وەک رۆژی نیووەرۆ ئاشکرایە، لە ئاستی پلەی پێشکەوتنی جیهانی ئەمرۆدا، هەر دەسەڵاتێکی ئیتنی، خێڵەکی و دیینی سیستەمی بەرێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی بەتێرۆر نەبێت بۆ بەرێوە ناچێت. قەت باورناکەم ئەمەریکا هەڵەی کردبێت، هەر لەیەکەم رۆژەوە دەیزانی، ئەوشێوە حوکمرانییەی بۆی لە قاڵب دابووین، ئەم کوشتن وبرینەی ئەمرۆ ئاکامی دەبێت. ئەگەرنا بۆ کۆمەڵێک سەبەتەی ئیتنی وعەشایەرگەری وشێعیگەری وسونیگەری سیاسی هاوردووە. ئەگەر بۆ ئەوە نەیهاوردوون تاهێلکەی تێرۆرییان تێبکات، ئەی بۆچی بوون؟.

ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هەر لەو رۆژەی هاتۆنەتە خاکی عێراقەوە، کردارەکانییان روولەوە بووە تێرۆر و تێرۆریستان درووست کەن. تا خەڵکی نەیان پەرژێتە سەر داخووازێکانی رۆژانەیان و نەخشەی سیاسی داهاتویان بەدەستی خۆیان دانەرێژن. نموونەمان زۆرە، تەنیا چەند نمونەیەک بەسە بۆ بیر خستنەوە. زیندوکردنەوە، وبەهێزکردنی رەگەزی شیعەگەری، و سونەتگەری و هاوردنیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی. رەشەگرتنی خەڵکی بۆماوەیەکی زۆر بەبێ دادگایی کردنییان، دەستریژی سێکسی ناوبەندیخانەکان، وگەرەکەکانی بەغداو جێگایتر،

**وكوشتنی خەڵكی بێتاوان بە هەڵە، بڵاوكردنەوەی دزی و علوجكاری. سەرەرای ئەم هەموو نەهامەتیانە، بۆدرێژەپێدانی سیاسەتی تێرۆر، ئێستا خەریكن عەشایەری عەرەبی ناوچەی ئەنبارە، دواتر ناوچەكانیتر چەكداركەن. بەبیانوی دژایەتی هێزی قاعیدەی پێبكەن. هەزارەها نمونەی تر، كەبووە هۆی دروسكردن وبەهێزكرنی دەستە وتاقمی تێرۆرست ومافیای جەنگ، كە لەشیكرنەوەی كۆتایدا هەردەرژێنە هەمان سەرچاوەی حكومەتەكانی تائێستا بۆی هاوردووین.**

**كورد گەر بییەوێت جێگەپێی لەمێژووی ئەمرۆی عێراقدا قایمبكات، دەبێت فێری ئەوەببێت پشت بەخۆ قایم كات. ئەگەر زمانی قسەو نوسین نەمان خاتە هەڵەوە. لێتان ئاشكرابێت، پارتە تەقلیدیێكانمان هەزارەها ئەگەرمان دەخەنەبەردەم. بەڵام تەنیا ئەگەرێک كە ئەمرۆ ودوارۆژ رووبەرومان دەبێتەوە، تێكۆشانە لەپێناوی ئەگەرێكدا، كە دووپای هەیە، پای سەربەخۆی سیاسی وئابوری كوردستان، وپای دووهەم ڕاونانی داگیركەران وتێرۆرستانە. بۆئەوەی ووەک گەمەی شەترنج ئاسای میكانیكی بیر نەكەینەوە، كشكردنی مەللیک نەخەینە ژێر كۆمەڵێ ئەگەرەوە. بەئەگەرەكان ئەگەری حەتمی مێژوویی نەشارینەوە. تاكە ئەگەری ئەمرۆ پشت بەجەماوەر بەستنە، لەپێناوی درووشمی سەربەخۆی تەواوی ئابوری وسیاسی كوردستاندا.**

**دەبا جارێكیتر بەدەستی خۆمان گۆڕی بەكۆمەڵمان هەڵنەكەنیین.**

---

**(1) ئەم نوسراوەم بۆسایتی سبەی نارد، بۆیان بڵاو نەكردمەوە، پاش ئەوەی دووجار ئیمەیلم بۆكردن.**